# چەند دیمەنێک لەکوردستاندا

## دیمەنی چوارەم

## (مێژوویەکی پڕ لەسەروەری یان پڕ لەدرۆو فیشاڵ)

دەرسیم دیبەگەیی30.07.2005
Darsim88@hotmail.com

زۆرجار، دەربارەی ڕێبازو نەخشەی سیاسەتو شۆڕش ئەو ووتەیەم بەرگوێ کەوتووە کەدەڵێت: (مرۆڤی زیرەکو ووریا دای دەنێت، مرۆڤی ئازاو ڕەشید تێدەچێتو مرۆڤی هەڵپەرستو ترسنۆک-یش دەیخوات). هەرچەندە 100% باوەڕی تەواوم بەو پەندە کوردیە نییە، بەڵام زۆرجاریش ڕاست دەرچووەو جاری واش هەبووە پێچەوانە. شەهید شەهاب، شەهید ئارام، شەهید جەعفەر عەبدولواحیدو شەهید ئازاد هەورامی، کەسانی زیرەک بوون، خۆیان بەرنامەو پلانی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشیان دانا، کەچی خۆشیان تیاچوون. بەڵام لەهەمانکاتدا شێرە کوڕانی وەکو جەماله ڕەش، محەمەد عەجەم، مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر، مامە ڕیشە، سیروان تاڵەبانی، شاخەوان،ئەنوەرحەسەن، مولازم سەید کەریمو سەرداری سەعید سۆفی بوونە چرای ڕۆشن بۆ ڕووناککردنەوەی ڕێگای سەختو نادیاری کاروانی خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان. لەلایەکی تریش نەک تەنیا کەسانی هەڵپەرستو ترسنۆک، بەڵکو چەند پارتێکی هەڵپەرستو ترسنۆکو هیچ نەکردەش هاتنە سەرخوانی دابەشکردنی ئەو دەستکەوتانەی کە بەخەباتی چەندین ساڵەی پێشمەرگەو خەڵکی هەژارو خوێنی دەیانو بگرە سەدان هەزار لەشەهیدانی قارەمانی ئەو میللەتە، هاتبوونە دی.

زۆرکەس لەوانەی کە سەر بەڕژێم بوون، هیچ زەرەر مەند نەبوون، تەنیا شوێنەکانی خۆیان گۆڕی بۆ ناو دوو پارتە باڵا دەستەکەی کوردستانو توانیان بەرژەوەنییەکانی خۆیان کە لەسەر حسابی گەل بەدەستیان هێنابوو، بەهۆی ئەوانەوە بپارێزن. ئەو سەرەک جاشە ڕاستی بۆ چووە کە لەدوای ئازادکردنی شارەکانی کوردستان لەڕاپەڕینی ساڵی 1991دا گوتبووی: (شەو خەوتین جاش بووین، بۆ بەیانی لەخەو ڕابووین، گوتیان ئێوە پێشمەرگەن، ئێمەش گوتمان قیڕوسیا پێشمەرگە، پێشمەرگە، خۆ چەکەکانمان هەر بەشانمانەوە دەمێنێ).

سەرەڕای جاشو پیاو خراپانی نێو ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارەی کوردستان، هەزارەها کەس لەکەسانی هەڵپەرستو ترسنۆک هەڵساون بەهۆنینەوەی مێژوویەکی پڕ لەسەروەری بۆخۆیانو هەزارەها درۆو فیشاڵ ڕێک دەخەن بۆ چوونە پێشەوەی خۆیان بێ ئەوەی کەسێک پێیان بڵێت ڕاست ناکەن!! ئەو جۆرە کەسانە، مێژووی کەسانی دیکەی تێکۆشەرو لەخۆبردوو دەدزن. دزی پارە، زێڕ، سامانو مەروماڵات هەر لەکۆنەوە هەبووە، دزی هونەریش سەردەمێکە هەیە، شۆڕشی کوردستان-یش سەرەڕای ئەو هەموو تاڵانو شرەخۆرییەی فێری خەڵکی کرد هەر لەتاڵانو دزیەکانی کاتی گرتنی بێتواتە کە مام جەلال بەئاشکەرا گوتی: لەداخی شرەخۆریو ئەو دزییانەی هێزی R.R

لەبێتواتە کردی، پەنام بۆ گفتوگۆکردن برد لەگەڵ ڕژێمدا)، ئەوە دژی خەبات و تێکۆشانیشی هاتە سەر.
ئێوارەی 19.5.2005، لەماڵی هاوڕێیەکم میوان بووم، هاوڕێیەکی ترم لەنێوان کاتژمێری 8-9ی ئێوارە دەبوو تەلەفۆنی بۆ کردمو گوتی: کاک دەرسیم، ئەوە لەبەرنامەی (چاوپێکەوتن لەگەڵ زیندانە سیاسییەکان)دا لەتەلەفزیۆنی PUK کەناڵی هەولێر، سەفە شەل باسی تۆ دەکاتو دەڵێت: کاتی خۆی بەهۆی نورەدینی برامەوە هاتوومەتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو لەگەل مامۆستا دەرسیم و فارس پۆلیس بەیەکەوە کارمان کردووە). هەر یەکسەر بەو برادەرەم گوت: بەبەختمو بەویژدانم ئەو کوڕە بەر لەدەرچوونی بۆ ناو ڕیزی پێشمەرگە لەساڵی 1984دا ڕۆژێک لەڕۆژان لەڕێکخستندا نەبووە).
داوام لەخاوەن ماڵەکە کرد کە بۆمان بیخاتە سەر کەناڵی PUK هەولێر، بەڵام ئەو ماڵە ئەو کەناڵەیان نەبوو، بۆیە چاوپێکەوتنەکەم نەبینی. دواتر چەند کەسێکی تریش و برایەکیشم هەمان شتیان دەربارەی ئەو چاوپێکەوتنەی سەفە شەل بۆ گێڕامەوە کە گوایە لەڕێکخستندا لەگەڵ ئێمە بووەو چەندین چالاکی وەکو هەڵواسینی پۆستەرو ڕاگەیاندنەکانی ئەنجام داوە.
سەیفەدین ئەحمەد ئیسماعیل، کە بە سەفە شەل ناسراوە، دانیشتووی شارۆچکەی دیبەگەیە، واتە هاو شارین و خەڵکی یەک ناوچەین. ئەو کوڕە ڕۆژێک لەڕۆژان نە لەلای من نە لەلای نورەدینی برای سەر بەڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان نەبووە. نورەدینی برای لەدوای ناوەڕاستی ساڵی 1982 داو دوای دەرچونیان لەزیندانەوە کە لەگەڵ تەواوی ئەندامانی خێزانەکەیان گیرابوو، لەڕێگای منەوە هاتۆتە ناو ڕیزەکانی ڕێکخستن. گیرانەکەیان لەئەنجامی ئەوە بوو کەبرایەکیان بەناوی عزەدین لەکۆتایی ساڵی 1981دا 11 سەربازی لەکاتی خەودا کوشتبوو و چەکەکانی بردوو بۆ ناو ی.ن.ک دەچوو، کەچی لەڕێگادا حیزبی شیوعی عێراقی هەموو چەکەکانیان لێسەند، هەرچەندە ی.ن.ک زۆر هەوڵی وەرگرتنەوەی ئەو چەکانەی دا، بەڵام شیوعی‌یەکان ئەو چەکانەیان نەداوە بە ی.ن.ک.
خۆم لەڕێکخستنەکانی ناوشاری هەولێردا لەکەرتێکدا کارم دەکرد کە هاوڕێ بێستون (خدر عومەرە سوور) بەرپرسی کەرتەکە بوو. لەسەرەتای ساڵی 1980 یان 1981دا بوو لەگەڵ کاک بێستون باسی ئەوەمکرد کەنیازی ئەوەم هەیە پۆلێک یان کەرتێک لەدیبەگە دروست بکەم، ئەویش پێی باشبوو، بەڵام گوتی زۆر ووریا با کەسانی سەر بەڕژێم دزە نەکەنە ناومان. ئەوەبوو، دوای ماوەیەک سابیر مەولود مام شێخ (دکتۆر شوان)و دواتر ئیسماعیل محەمەد زێندین (سەفین) کەئێسیا کارگێڕی کۆمیتەی دیبەگەیە، فەیسەڵ عەلی ئەمین ئەویش وابزانم ئەندام کۆمیتەیە لەکۆمیتەی دیبەگە، دکتۆر ئیبراهیم شێرە کە لەنەخۆشخانەی شەقلاوە یارمەتیدەری دکتۆر بوو، کاکل ڕەمەزان خەڵکی گوندی مەلاقەرە لەگەل خزمێکی خۆیدا کە ئەویش هەر خەڵکی گوندی مەلا قەرە بوو کە بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نییەو دواتر لەساڵی 1983دا بوو بەپێشمەرگە، بەڵام تەمەنی پێشمەرگایەتی لەوانەیە کورتترین تەمەن بێت، چونکە ئەمرۆ چەکی کردەشان بۆ بەیانی لەشەڕێکدا لەدەشتی هەولێر، گیانی پاکی بەخشی و شەهید بوو. هەروەها لەساڵی 1982دا توانیمان 5 کچ بهێنینە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە کە تەنیا ناوەکانی دوانیانم لەیادن بەناوەکانی (س.م.م) و (ق.خ). کچەکانیش لەشانەیەکدا بوون کە

دکتۆر شوان سەرپەرشتی دەکردن. هەر لەدوای ناوەڕاستی هەمان ساڵ، نورەدین ئەحمەد ئیسماعیلو مامۆستا کەریم عەزیز سەعید (ئاسۆ)-م هێنایە ناو ڕێکخستن، لەلایەکی تریش دکتۆر ئیسماعیل بایز حەویز-یان ڕەوانەی لای من کردو ئەویش دوو سێ برادەری لابوو کەخەڵکی جانەو تیکالۆ بوون. لەساڵی 1983دا هاوار سەعید عەلی تاهیرو موحسینی برام لەگەڵ چەند کەسێکی دوبزو کورکوک هاتنە ناو ڕێکخستن، ئەوانەی دوبزو کەرکوک لەشانەیەکدا کۆم کردنەوەو خۆم سەرپەرشتیم دەکردن. لەساڵی 1984دا سەردار عەزیز فەرحان-م ڕێکخست. هەروەها داوای لێبوردن لەو کەسانە دەکەم ئەگەر ناوەکانیانم لەیاد کردبێت.

ئەوەی ڕاستی بێت، فارس پۆلیس کە ئامۆزای باوکمە لەگەڵ ئێمەدا نەبووە لەهەمان پۆل، بەڵام بەهۆی خزمایەتییەوە هیچ شتێکمان لەیەکتری نەدەشاردەوەو لەمن نزیک بوو، بۆیە سەیفەدین ناوی ئەویشی هێناوە. نەک هەر فارس بەڵکو تاهیر سەلیم و نادر قادر حوسێن کە هەردووکیان پۆلیس بوونو سەر بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوون لەگەڵ چەند کەسێکیتر کەزۆربەیان ناوەکانیان دەزانم لەپۆلێکی ترو لای برادەرێکی تر بوون. ڕێکخستنەکانی دیبەگە زۆر بوونو چەندین پۆلی جیا جیاو سەر بە کەسانی جیای تیابوو.

سەیفەدین، کە ئێستا بەرپرسی کۆمەڵەی زیندانە سیاسی‌یەکانی هەولێرە، لەساڵی خوێندنی 1983-1984دا خوێندکاری وابزانم پۆلی دووی ناوەندی بوو لەقووتابخانەی دواناوەندی دیبەگەدا. چەندی بلێی قووتابییەکی هەرزەکارو تەمەڵو لاسار بوو هەروەها دوای هاتنی پێشمەرگە بۆ ناو دیبەگە، بیرۆکەی بوون بەپێشمەرگە کەوتە ناو مێشکیو هەڵسا کێشەو گیروگرفتی لەگەڵ مامۆستاکان دروستکرد بۆ ئەوەی واز لەخوێندن بێنێتو هۆی دەست هەڵگرتنەکەش بخاتە ئەستۆی مامۆستاکانو ئینجا ببێت بەپێشمەرگە. لەو ساڵەدا، سەیفەدین کردی بەکێشە لەگەڵ مامۆستایەک بەناوی مامۆستا (عومەر سەلیم) کەیاریزانی تۆپی پێی تیپی هەڵبژاردەی هەولێریش بوو. لەسەر دەم درێژیو بێڕێزی کردن بەرامبەر بەو مامۆستایەدا کەهەموو خوێندکارانی تری ئەو دواناوەندی‌یە لەوانەی کە مامۆستا (عومەر) وانەی پێدابن یاخود نەدابن، دۆستایەتیان زۆر خۆشبوو لەگەڵیداو ڕێزی تایبەتییان بۆی هەبوو. مامۆستا عومەر چەندین جار هۆشداری دابووە سەیفەدین، بەڵام هۆشدارییەکان بێسوود بوون. تاکار گەیشتە ئەوەی کە سەیفەدین قسەی زۆر ناشیرینی لەناو پۆلەکەدا بەمامۆستا عومەر گوتبوو، مامۆستا عومەر-یش چینێکی باشی تێهەڵدابوو. دوای ئەوە چەندین جاریتر سەیفەدین ڕەفتارە قێزەونەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوەو دوای هەر جارێکیش مامۆستا عومەر چینێکی باشی تێهەڵدەداتو دواجاریش ئەوەبوو سەیفەدین لەقووتابخانە دەرکرا.

ڕۆژێکی سەرەتای ساڵی 1984 بوو، لەماڵی باوکی سەیفەدین بووم کەزوو زوو دوای شەهیدبوونی عزەدینی کوڕیان سەردانیانم دەکرد، دایکو باوکی باسی ئەوەیان کرد کە ئەو کوڕەیان لە قووتابخانە دەرکراوە!! منیش گوتم سەیفەدین تاوانبارە لەو مەسەلەیەدا، من زۆرم پرسیوە هاوپۆلەکانی سەیفەدین دەڵێن ئەو بێڕێزی بەمامۆستا عومەر دەکاتو مامۆستاش چەندی بڵێی کەسێکی بەڕێزو خۆشەویستە لەناو قووتابخانەو خەڵکدا، بەڵام کوڕتان تەشقەڵەی پێدەکات. دایکو

باوکی سەیفەدین گوتیان ئێمەش دەزانین خەتای ئەوە. دوای قسەو باسێکی زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە بەدایکو باوکی سەیفەدین-م گوت: ئەگەر ئێوە وابکەن سەیفەدین واز لەو بێڕێزیانەی خۆی بەرامبەر بەمامۆستای ناوبراو بێنێتو خۆیشی بەڵێنی ئەوە بدات، بەیانی دەچمە لای مامۆستا عومەرو دڵنیام ڕێزم دەگرێتو سەیفەدین دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنی خۆی، بەڵام دوای گەڕانەوەی سەیفەدین بۆ قووتابخانە، هەر کارێکی نارێک بەرامبەر بەو مامۆستایە بکات، ئەوە پێی دەڵێم لەجاران خراپتری لێبدات. سەیفەدین لەبەردەم دایکو باوکیدا گفتی ئەوەیدا کە لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ مامۆستا عومەر بکاتەوە.

بۆ بەیانی چوومە لای مامۆستا عومەرو دوای خۆ پێناساندن، گوتم: مامۆستا عەمەر، هەرچەندە ئێمە لەنزیکەوە یەکتر ناناسین، بەڵام من هەم وەکو یاریزانێک کەزۆر جار ئامادەی یارییەکانت بوویمەو هەم وەکو وانەبێژێکیش لەدوورەوە  کە هەموو قووتابیان ڕایان لێتەو تۆیان خۆشدەوێت، دەتناسم. من وەکو کوردێکی بەپەرۆش بۆ پێگەیاندنی منداڵانی کورد داوات لێدەکەم کە هەوڵبدەی سەیفەدین بگەڕێتەوە بۆ خوێندن، چونکە هەم کوڕە هەژارێکەو هەم برایەکیشی شەهیدە، دڵنیاشم بەڕێزیشت ڕەچاوی ئەو خاڵانە دەکەیت، هەر بۆیەش هاتووم بۆ لات. بەڵام دوای گەڕانەوەی هەروەکو خۆیشی گفتی داوە، ئەگەر جارێکیتر ئەو کوڕە هەر کێشەیەکی نایەوە ئەوکاتە هەموومان بەدایکو باوکی-شیەوە بەهیچ شێوەیەک ڕووی ئەوەمان نامێنێت داوای ئەوەت لێبکەین کە جارێکیتر لێی خۆشبیت).

مامۆستا عومەر یەکسەر ڕازیبوو کە سەیفەدین بۆ بەیانی بگەڕێتەوە قووتابخانە. ئەوەبوو بۆ بەیانی سەیفەدین گەڕایەوە قووتابخانە، بەڵام هەفتەیەک بەسەر گەڕانەوەکەیدا تێنەپەڕی، هەم دیسان دەستی بەبەزمەکەی جارانی کردەوە (عادت حليمة الى عادتها القديمة). دوای سەروگوێلاک شکاندنێکی باش، سەیفەدین بۆ یەکجاری لەقووتابخانە دەرکرا. مانگێکی پێنەچوو واتە هەر لەسەرەتای ساڵی 1984داو لەکاتی گفتوگۆی ی.ن.ک و ڕژێم سەیفەدین پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کرد. دوای دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان ی.ن.ک و ڕژێم، لەشەڕێکی بناری چیای قەرەچوغ دا لەهاوینی ساڵی 1985دا، سەیفەدین بەبریندار ی دەستگیرکراو دواتریش بۆ ماوەی 15 یان 20 ساڵ حوکم دراو لە ئەبوغرێب بەیەکەوە بووینو لە 14.9.1988دا لەهەمان ڕۆژدا بەر لێبووردن کەوتینو ئازاد کراین.

بەر لەپەیوەندی کردنی سەیفەدین بەهێزی پێشمەرگەی ی.ن.ک-ەوە، ئەو کوڕە بەهیچ شێوەیەک لەڕێکخستندا نە لە پۆلەکەی ئێمەدا بووە نە لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا بووە، ئەگەر نورەدینی براشی بۆی پشت ڕاست دەکاتەوە ئەوکاتە بەناچاری زۆرشتی بنبەڕی نورەدین دەهێنمە سەر بەڕێ. خۆیشی باش دەزانێت لەبەرچی لەدوای دەستگیرکردنم لەلایەن ڕژێمەوە لەساڵی 1986دا  تاوەکو سەردانی کوردستان-م لەساڵی 2003دا پەیوەنیم لەگەڵیدا بڕیبوو!!